# هەتیوو بازی لە کوردستاندا

تامان شاکر

باس کردنی ئەم دیاریدەیەو خستنە رووی ئەم کێشە کۆمەلآیەتیە گەورەیە،و ناو هێنانی هەندێك لە شارەکانی کوردستان هیچ مەبەستێکی لە دواوە نییە بێجگە لە ئاسایی کردنەوەو قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە.

ئەمڕۆ کورد لە کوردستان خۆی بە کۆمەلگەیەکی دیموکراسی و مەدەنی دەزانێت، بۆیە دەبێت باس لەوکێشانە بکەین،چونکە ئەو دیاریدانە شاراوەترین و بێدەنگترین دیاریدەی ناو کۆمەلگەی ئێمەن.ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە خۆمان بروانین باسی کێشەکانی خۆمان بکەین،ئەو گۆمی بێدەنگیە بشلەقێنین،ئێمەش مرۆڤین هەموو ئەوشتانەی لە کۆمەلگەکانی تر ڕوودەدات لای ئێمەش ڕوو دەدەن و روویشیان داوە،بەلآم ئێمە لە بێدەنگی نقوم بووین.بۆ ئەم مەبەستەش هەولمدا لەکەلّ دوو کەس بدوێم کە هەردووکیان قوربانی دەستی کۆمەلگەی کوردەوارین کاتی خۆی بەزۆر سێکسیان لەکەلّ کراوە و.دواتر وەکو حیز ناوزەد کراون.

ڕاستە پەیوەندیە سێکسیەکان بە بەشێك لە پەیوەندیە مرۆڤایەتیە ئاساییەکان دادەنرێت،هەندێك جار ڕوویەکی ئەوەندە ناشیرین و قێزەوەنی دەبێت،وەك سێکسی زۆرەملی.زۆر جار قسەکەی نێتشەم دێتەوە یاد کەدەلّێ ( ئاژەلّەکان دڕندەن، مرۆڤەکانیش دەتوانن وا بن ).

ئەم دیاریدە نامرۆڤایەتییە تەنها لە کۆمەلگە داخراوەکان ڕوو نادات، بەلّکو لە زۆربەی ولآتانی دونیا ڕوودەدات ڕۆژانە بە سەدان منالّ دەبنە قوربانی دەستی ئەم کارەساتەو زۆربەشیان مەرگ میوانی بەهاری ژیانیان دەبێت .

ئەم جۆرە سێکسە زۆر جار کەسێکی دەروون نەخۆش دەیکات و زۆرجاریش بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانە .

کوردستانیش مێژوویەکی ڕەشی لەگەلّ ئەم دیاریدە هەیەو تا ئێستا بە سەدان منالّ بوونەتە قوربانی هی تریش هەروا بەرێوەیە.کەنازانین ژمارەیان چەندە،چونکە هیچ سەرژمێرییەك لە بەردەستدا نییە وئەم باسانەش تابوون لای ئێمە،قوربانیەکان خۆشیان ناوێرن،و نایانەوێ باسی بکەن.بۆیە ئەم تاوانانە بەنەهێنی دەمێننەوە. کاتێکیش دەکەوێتەسەرزاری خەلّك ئینجا، کۆمەلّگە سزایەکی گەورەتریان دەدات،چونکە ئێمە بە پێچەوانەی یاسای سروشت دەرۆین قوربانی سزا دەدەین، تاوان باران خەلآت دەکەین و ئازادیان پێدەبەخشین.

لە شارە گەورەکانی کوردستان.ئەم دیاریدەیە زۆر بەرچاوترە،وەك لە شارە بچوکەکان، لە سولەیمانی و هەولێر هەتیووبازەکان کاتی خۆی بەردەرگای قوتابخانەکانیان لە منالآن دەگرت، ودەیان بردن.وبەزۆر کاری سێکسیان لەگەلّ دەکردن.لە کەرکوکیش بۆ ژێر پردەکەی خاسە،خۆم خەلّکی( کۆیە)م لە کۆیەش بەزمی ناو ڕەزان هەبوو.

ئەمڕۆش لە کوردستانی ئازادی و دیموکراسیدا زیندانەکانی هەولێرو سولەیمانی پڕن لەو قوربانیانە.

لە سایەی دەسەڵاتی کوردیشەوە تازە زیندانێکی نەوجوانان لە( کۆیە)دروست کراوە،ئەرێ جەوان کەی شایستەی ئەوەیە زیندانی تایبەتی بۆ دروست بکرێت؟جەوانان پێویستیان بە پەروەردە کردن هەیە،پێویستیان بەوەیە مافەکانیان بپارێزرێت، ئەگەر هەڵەیەکیشیان کرد یارمەتیان بدرێت وجارێکی تر تێکەل بە ژیانی ئاسایی ببنەوە نەك لە زیندان هەموو هیواو ئاواتەکانیان بکوژرێت.چونکە ئەمانە دوا ڕۆژی ئەم گەلەن،سیاسەتمەداری ئەوروپی بەردەوام بیرلە داهاتوو و نەوەی دواڕۆژ دەکاتەوەو،سیاسەتمەدارانی کوردستان زیندان بۆ نەوەکانی داهاتوو دروست دەکەن.

گرنگترین هۆکاریك کە ئەم دیاریدەیان لە کوردسان زیاد کردووە،دووری و یەکتر نەناسینی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی داخراوی کوردەواریدا، نەبوونی سێکس و ئازادی سێکسی،گرانی نرخی ژن لە کوردستاندا،ئێستاش ئەوەی پارەی هەفتا مسقال ئاڵتوونی نەبێت نابێت باسی ژن هێنان بکات.زۆر جاریش  بۆ چاوشکاندن و چاو شۆڕکردنی خێزانیك،منداڵێك بە زۆر سێکسی لەگەڵ کراوە،خەڵکی کورد هەموو بەها مرۆیەکان لە پشتێن بەرەو خوار دەبینێتەوە،یان کەسانێك هەن خاوەنی بیرو بۆچوونی جیاوازن، بۆمان هەرس ناکرێت دەکەوینە شەرێکی بێوژدانانە دژی،و بە هەموو جۆرێك هەوڵ دەدەین سوکایەتی پێبکەین نەتەنها بەخۆی،بە خوشك و دایك و بنەماڵەوە هەموویان حیز دەکەین نزیکترین نموونەی زیندوو لە شەڕەخۆکوژییەکەی کوردستان هەردوو پارتە سیاسیەکەی کوردستان  ئەم نامە جوانانەیان بۆ یەکتر دەنارد خێزانی وا هەبووە لە کوردستان پێی لە جەرگی خۆی ناوەو کوڕەکەی خۆی کوشتووە.چونکە نەیتوانیوە بەرگەی قسەی خەڵك بگرێت.

ئەو چینەی دەستدرێژی سێکسیان لێکراوە،لە کوردستان،چینێکی چەوساوەو لە بیرکراوی کۆمەڵگەی ئێمەن و.لەژێر پاڵەپەستۆیەکی دەروونی گەورەدا دەژین و هیچ یاسایەك نییە بیانپارێزێت و،کۆمەڵگەش بە چاوێکی سووك لێیان دەڕوانی.ئەگەر گەورەترین پلەو پاییەی حیزبیان هەبێت، یان نووسەرو هونەرمەندی بەتواناش بن لە چاوی خەڵك هەر حیزن، حیزیەتی بووە بە مۆریك دراوە لە ناوچەوانیان و،تەنانەت دژی خەڵکی شارەکانیش ئەم وشەیە بەکار هێنراوەدەڵێن هەرچی ئاوی حەمامۆکی خواردبێتەوە حیزە! یان خەڵکی سولەیمانی حەزیان لەپێنجە،یان ژێر پردەکەی خاسە لە کەرکوك ، باشە ئەم چەمك زاراوانە بۆ بەکارهاتوون؟بێجگە لە سووکایەتی کردن دەشێ ئامانجی پۆخڵی سیاسی و دوژمنانی کوردیشی بەدواوە بووبێت.

له ولآتانی پێشکەوتوودا مرۆڤ بەکارو چالاکی و بەرهەمەکانی نرخی بۆ دادەنرێت ئێمە کەسایەتی مرۆڤ بە گوێرەی ناو گەل هەڵدەسەنگێنین، چەند ئاگای لە ناو گەلی خۆی بووبێ ئێمەش ئەوەندە رێزی دەگرین.

بۆیە حەزم کرد ئەو دووکەسە ،دوایی زیاتر لە سی ساڵ خۆیان لە ئازارەکانی خۆیان بدوێن،بەلێنی ئەوەشم پێدان کە ناو شوێنی لە دایك بوون ودانیشتنیان ئاشکرا نەکەم.هەردووکیان خەڵکی باشووری کوردستانن و ماوەیەکە وەك خۆیان ووتیان ئەوێیان بەجێ هێشتووە( نەیان ووت ولآت ) دڵنیاشم کە هەرگیز ناگەرێنەوە.

سەرەتا پرسیارم ئاراستەی ( ن ح)کرد کە ئێستا لە پایزی تەمەندایەو،سی ساڵ زیاترە ولآتی بەجێهێشتووەو .

1ـ هەرچەندە من نامەوی برینەکانت بکولێنمەوە،دەکرێ پێمان بلێت ئەم کارەساتە چۆن روویدا؟

بەڵی من باوکم یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی شار دوکانی هەبوو حەزی لە ڕابواردن و ئارەق خواردنەوە بوو لە ماڵەوەش خێزانێکی گەورە بووین و نەیدەتوانی ئەوە بکات.بۆیە ئێواران دوکانەکەی کردبووە شوێنی خواردنەوە برادەرەکانی دەهاتن بۆ ئەوێ.منیش گەنجێکی جوان بووم لەکەل باوکم دەمامەوە،ماوەیەك شتەکان هەمووی ئاسایی دەرۆیشت تا شەوێکیان کە هەموویان زۆر سەرخۆش بوون یەکێك لە هاورێکانی باوکم و کەکەسێکی ناسراوە لە کوردستان ئارەقی پێدام و منیش گەنج بووم قەت نەم خواردبۆوە یەکسەر ملم پێوەنا ئیتر پەرداخێك و دوان و سیان دوایی وردە وردە منی جیاکردەوە بۆ پشتی دوکان،منیش نەم دەزانی مەسەلە چییە ئیتر کاری سێکسی لەگەل کردم هەوڵمدا خۆم رزگار کەم نەمتوانی ئارەقەکە زۆر بێتاقەتی کردبووم.

هەولمدا کارێکی وابکەم لەگەڵ باوکم پەیوەندیان تێك بدەم هەڕەشەی لێکردم و وتی بە هەموو دونیا دەڵێم کە تۆم چی لێکردووە،بۆیە لە ترسانا دەنگم نەکرد،دواتر هەر قسەی کردبوو. نەم دەوێرا دەمبکەمەوە، پێان دەووتم برۆ حیز تۆ بۆت نییە قسە بکەی ،بۆیە ژیانم ببوو بە دۆزەخ.ساڵ ڕابوورد و هەوڵم دا پارە کۆبکەمەوەو ڕاکەم بەلآم پاسپۆرتم نەبوو بۆیە بە بەرتیل پاسپۆرتێکم پەیدا کردو،ڕۆژێکیان بەسەرما هات و چووم بۆ تورکیا و ماوەیەك لەوی مامەوە ئەو وەختە پارەی ئێمە باش بوو توانیم خۆم بگەیەنمە ئەوروپا لەو کاتەوەش نەڕۆیشتوومەتەوە بۆ کوردستان.پەیوەندیشم بە کەس و کارەکەمەوە نەکردووە.چونکە ئەو ولآتە بۆ من مردووەو هەرگیز لە باوکیشم خۆشنابم تامردیش نەمبینیەوە نامەوی گۆڕەکەشی ببینم.

2ـ ئەو تاوانبارە ئێستا چی دەکات ؟هەولی نەداوە داوای لێبووردن لە تۆ بکات؟

ئەو تاوان بارە کەسێکی ناسراوە لە وانەیە خەڵکی کوردستان بە فریشتەی دابنێن، ئەگەر باسیشی بکەم کەس بڕوام پێناکات، جارێکیان لە یەکێك لە تیڤیەکانی کوردستان بینیم وا قسەی دەکرد دەتگووت فریشتەیە کەس نازانێ گورگێکی لە ناخی خۆی حەشارداوە و درندەیە.

3ـ دەکرێ ناوەکەیمان پێبلێت؟ وازبێنە باشترە، ئەگەر ناوەکەشی بلێم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆرێت.لەوانەیە بلێن ئەو حیزە بوختانی پێدەکات.

4ـ نەچووی بۆ لای پزیشکی دەروونی؟ سەرەتا ویستم بچم بەلام دوایی پەشیمان بوومەوە.

5ـ هەولت نەدا لە ئەوروپا خێزان دروست بکەیت؟ بەلێ ژنێکم هێنا بەلام بەختەوەر نەبووین منالێکمان بوو جیابووینەوە، تازەش بیری لی ناکەمەوە باری دارایم باشەو ئێرەش ولات و نیشتمانی منە چونکە لێرە کەس سووکایەتیم پێناکات دەمەوی لێرە بە ئاسوودەیی بژیم و بمرم.

6ـ بەلام ولات شیرینە؟کام ولات، ولاتێك کە رێز لە مرۆڤ نەگرێت کەی ولاتە،من لێرە ڕاهاتووم دوایی ئەوەندە سالەش برۆمەوە هەر قسەی جارانم پێ دەلێن،دوایی من هیچم نییە لەوێ.ئەوەنیە کوردەکان ئێستاش هەولێ دەدەن بێنە دەرەوە.ئەگەر ئەوێ ئەوەندە خۆش بوایە کەس بەجێیی نەدەهێشت.

دواتر پرسیارم لە (ش ج) کە کەسێکی خوێندەوارو بە ئاگایە

1ـچۆن دەست درێژیت کرایە سەر؟

من کوڕێکی جوان و زیرەك بووم لە قوتابخانە مامۆستاکانم زۆر خۆشیان دەویستم تا ڕۆژێکیان یەکێك لە مامۆستاکانم منی بانگ کردە مالەوەو،بە بیانووی ئەوەی زیاتر یارمەتیم دەدات. کەسیان لەمالەوە نەبوو دەستدرێژی کردە سەرم دەبوایەش بەردەوام ئامادەبوومایە کەی بیوویستایە بچم بۆ لای، لە ناوەوە خۆم دەخواردەوە و هاوڕێکانم هەموو پیانزانی بوو گالتەیان پێدەکردم ئەوانیش دەیان ویست بەشێکیان هەبێت، بیرم کردەوە بیکوژم دوایی وتم شەرەف خێزانەکەم دەچێت بۆیە هەلسام چووم بۆ شارێکی تر بۆ مالی باپیرم بۆخوێندن بەلام لە خوێندنەکەمدا زۆر دوا کەوتبووم بۆیە بیرم کردەوە ئەم ولاتە بەجێبێلم و نەگەڕێمەوە.

2ـ باشە ئەگەر کەسێك پرسیارت لێبکات دەلی کوردم؟ جا ووتنی یا نەووتنی سوودی چییەمن خاکی کوردستان ئازاری نەداوم بەلکو خەلکی کورد ئازاری داوم و سوکایەتی پێکردووم، خاك بە کەسەکانییەوە جوانە، کە کەسەکان ناشیرن بوون خاکیش ناشیرین دەبێت .من خاکی کوردستانم خۆش دەوێ بەلام ڕقم لە قسەو قسەلۆکی خەلکەکەیەتی،خەلکی ئێرە هەرکەس خەریکی ژیانی خۆیەتی خەلکی لای ئێمە خەریکی ژیانی گەڕەکێکن.من پێموا نییە لە کوردستانی ئێمەدا ژیانێك هەبێت شایستەی مرۆڤ بێت.سەیرکە نالێن کوردستان خۆشە ئازادە،ئەی کوردی ئەم ئەوروپایە بۆ ناڕواتەوە هەمووی خۆی بێدەنگ کردووە، مەسەلەکە ئازادیە، مرۆڤەکان لێرە بە ئازادی دەژین.

3ـ ناتەوی سەردانێکی کوردستان بکەیت ؟ لە پشووی هاوین دەچین بۆ یۆنان ئەوێ لە کوردستان خۆشترە، کوردستان ئەوەندە سالە شەڕی تیابوو، ئێستا شەڕ تەواو بووە خەلك کێشەی ئەوەی هەیە ناتوانی یان نازانی

بژیت.

4ـ له كوردستان له وانییه زۆر كەسی تر هەبێت هەمان كارەساتی ئێوەی بەسەر هاتبێت هەرلە وێش دەژین؟

هەر كەس بۆ خۆی كێشەكانی خۆی دەزانی. من ئەو كاتە ئەو بڕیارەمداو لێیی پەشیمان نیم و ئێستاش ژیانم باشە تەمەنیش دەڕوا و تازە ئێمە گەنج نابینەوە.ئەوەی كە تۆ ئێستا دەینووسیەوە بەشێكە لە ژیانی من.

5ـ نەچووی بۆ لای پزیشكی دەروونی؟ نەخێر زۆر پێم شەرم بوو بڵێم كە من كوردم لە لایەن خەڵكەكەی خۆمەوە دەستدرێژم لێكراوە چونكە ئەوروپییەكان كوردیان بە گەلێكی ژێر دەستەو زوڵم لێكراو دەزانی هەوڵمدا ژیانێكی نوێ دەست پێبكەم ژنم هەیەو منالی جوانم هەیەو ژیانیش بەردەوام دەبێت.بەلأم ئەوەی خەمی بۆ دەخۆم دەڵێن ئێستاش لە كوردستان ئەم دیاریدە هەر هەیە، هیوادارم ئەم دیاریدە نەمێنی و یاسا بالآ دەست بێت و هەر كەس هەقی خۆی وەربگرێت.

هیوادارم حكومەتی هەرێمەكانی كوردستان چاوێك بەیاساكانی باری كەسایەتیدا بخشێنیتەوەو ئەو كەسانە بچنە زیندان كە شایستەی زیندانن و بایەخی زیاتر بە ژیانی لاوان بدرێت .

بەناوی خۆم و خوێنەرانی ڕۆژنامەی میدیا و سایتی دەنگەكان سوپاسان دەكەم بۆ ئەو هەموو متمانەییەی بەمنتان بەخشی .

2005/4/23

ئەڵمانیا